# ئازادی لەکۆمەڵدا

نووسینی: ئەینەر ئۆڤەرێنگە- Ainar Overenget
وەرگێڕانی لەنەرویجییەوە: کەریم مستەفا

فەیلەسوفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبس Tomas Hobbes) لەکتێبی (Leviathan)دا وێنەی ئازادییەکمان بۆ دەکێشێت لەکۆمەڵگای نوێدا، کە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە. مرۆڤیش بەبوونەوەرێکی تەواو خۆپەرست پێناسە دەکاتو ئەو هێزەی کە ژیان دەبات بەڕێوە تەنها حەزی خۆویستیە. مرۆڤ لەپەرێزی ئازادییەکی خۆڕسکدا لەهەڵپەی تێرکردنی حەزەکانیدایەو هەردەم نیگەرانی ئەوەیە کە ناخۆشی بۆ پێشنەیەت.

لەبەرهەندێ کە گشت مرۆڤەکان نزیکەی هەمان پێداویستییان هەیە- مەبەست تێرکردنی غەریزەکانە- ک.م. بۆیە هەردەم لەگەڵ یەکدیدا لەشەڕو پێکدادانن، مرۆڤ بەسروشتی خۆی نەگشت ویستە-ئەڵترۆیست Altruist-و نە لەغەمی بەکۆ ژیانو ژیانی هاوبەشدایە، بەڵکو لەقۆزاخەو بازنەی ژیانی-خودی-خۆیدایە.

مرۆڤ زیندەوەرێکی خۆپەسەندەو هەر تاکێك لەهەوڵو هەڵپەی ئەوەدایە کە خۆی وەك تاکێکی سەربەخۆ، لەسەر حسابی کۆمەڵ نیشان بدات.

ئەم جەنگە وەحشیانەیە لەپێناو مانەوەدا- بەگوێرەی (هۆبس)- بنەمای گشت هەستو ویستەکانی ئێمەی مرۆڤە. ئێمە رقمان لەوانەیە کە بەسەرماندا سەردەکەونو لێماندەبەنەوە، بەڵام زۆر خۆشحاڵو ئاسودە دەبین کە ئێمە بەسەر کەسانی دیکەدا سەردەکەوین. لەگەرمەی ئەم جەنگی وەدەستهێنانی شتەکاندا- مەبەست سەرچاوەکانە- ک.م- تا ئەوکاتەی کە بەگوڕو تینینو خۆمان لەمەیداندا دەبینین، دڵشادینو هەر کاتێکیش کە زانیمان خەریکە گوڕوتینو توانامان نامێنێت، ئیدی گومان سەرهەڵدەدات. تەنانەت عەشقو خۆشەویستیش تەنها تێرکردنی غەریزەو پێداویستیەکی ناخە.

لەلای (هۆبس) ئازادی مرۆڤ، ئازادیە بەسەر کەسانی دیکەوە -واتە زاڵبوون بەسەر کەسانی دیکەدا- ک.م- ئەم تێڕوانینە، تا ئێستاش هەر لەئارادایەو تا دێت بەرفراوانتر دەبێتو باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشێت. بەڵام ئایا ئەوە خۆویستیو خۆپەرستیە کە رەگەزی مرۆڤ (توخمی مرۆڤ) دەخولقێنێت؟

گەر مرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکی تەواو خۆویستو خۆپەرست بێت ئەوا ڕووداوێکی سروشتیو ئاساییە کە ئەم دیاردەی خۆپەرستیە بلاَوببێتەوەو پەرەبستێنێت.

ئەمە مانای وانیە کە ئێمە (مرۆڤ) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگەڕێینەوە سەر ڕەسەنی (ئەسڵی) خۆمان؟

خۆگەر مرۆڤ- مرۆڤی خۆویست-وەك گشت ویست (ئالترۆیست) بیربکاتەوە یان خۆی وا نیشانبدات کە بیر لەکەسانی دیکەش دەکاتەوە، ئەوا تەنها لەخودی خۆیو لەسروشتی خۆی هەڵدێت!

گەر مرۆڤ-خەڵکی- دڵەڕاوکێیان لەوە هەبێت کە خۆویستیو خۆپەرستی زۆر پەرەی سەندووەو لەهەمانکاتیشدا پێیان وابێت کە مرۆڤ بەسروشت خۆویستە ئەوا ئەو جۆری بیرکردنەوەیە لەگومانێکی قوڵدایە. ڕەنگە بۆ دڵنەوایی ئەو کەسانە گوتەکەی فەیلەسوفی نەرویجی (زایفێس Zappfes) خەمڕەوێن بێت کە دەڵێت: (سەرزەمینێکی خاڵی لەمرۆڤ، هەرگیز کارەساتو بەلاَ نیە) پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە تا چەندێ ئازادی مرۆڤ، ڕادیکالاَنە بەستراوەتەوە بەخۆویستییەوەو ئێمە تا چەند ئارەزوومەندین هەوڵبدەین ویستەکانمان بهێنینەدی؟

کێشەکە لەوەدایە، گەر مرۆڤ بەهۆی پێداویستیەکانیەوە جڵەوکرابێتو بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە حەزەکانی دەیانەوێت، (هۆببس) واتەنی، ئەوا پرسیارێك قوتدەبێتەوە کە ئایا ئێمە لەبنەڕەتدا هیچ فۆرمێکی ئازادیمان تێدایە؟

گەر حەزو پێداویستییەکان بنەڕەتو ئامانجە فۆندەمێنتەکان دیاریبکەن، ئەوا ئازادی تەنها دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە (مەبەست حەزو ویستەکانە-ك.م). گەر بەپێچەوانەشەوە بێت، کە ئازادی نەك خۆپەرستیو خۆویستی ئاراستەکارو بزوێنەرمان بێت، ئەوا کارەکان تەواو بەپێچەوانەی ئەو دیدەوە دەبن. واتە ئەوکات هەڵبژاردنو هاوتەرازکردن دێنە ئاراوەو ڕێگە بەبڕیاردانو نەدانمان دەگرن. ئەمەش تەواو جودایەو دوورە لەوەی کە تاچەند پێویستمان/حەزمان لەو هەڵبژاردنەیە.

کاتێك (هۆببس) ئازادی بەوە تێدەگات کە شەڕی هەمووە دژ بەهەموو، ئەوا لەبەرامبەردا دیدو بۆچونێکی دیکە هەیە کە دەڵێت: ئازادی هەرگیز نایەتەدی گەر مرۆڤ خۆی تێکەڵ بەجیهانو مرۆڤەکانی دیکە بکات، بەڵکو دەبێت مرۆڤ خۆی لەو جیهانە بەدووربگرێتو بکشێتەوە.

ئەوەش تراديشنو دیدوبۆچوونی (ئێکستنسیالزم) بوونخوازیە، کەوای دەبینێت ئازادی (ئازادی بەسەر کەسانی دیکەوە) وەك (ئازادی لەکەسانی دیکەوە) وایە ئەم دیدەش بەتەواوی لەبۆچوونەکانی (کیرکەگارد)و (هایدیگەر)و (سارتەر)دا، ڕوونکراوەتەوە. ئەم فەیلەسوفانە دیدێکی نێگەتیڤانەیان بۆ کۆویستی (کۆمەڵ) هەبووە. تەواو بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی (هۆببس)وە، ئەمان وایدەبینن، ئامانج ئەوە نییە کە بەسەر کەسانی دیکەدا زاڵبیت بۆ بەدەستهێنانی شتەکان (سەرچاوەکان)، بەپێچەوانەوە، بەڵکو مەهێڵە کە کۆمەڵ چی دەوێتو چی دەخوازێت بەسەرتدا بسەپێنێت. ئامانج ئەوە نیە کە تۆ بەسەر کۆمەڵدا زاڵبیت، بەڵکو تا کێتی خۆت بپارێزەو لەکۆمەڵ جودا بەرەوە.[1]

(هانناه ئاریندت Hannah Aerndt)[2] دژی ئەم دیدە نێگەتیڤانەیە کە بەرامبەر بەکۆویستی هەیە. ئەم خانمە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی هەوڵی بەرجەستەکردنی پێگەیەك دەدات لەنێوان ئازادیو کۆویستیداو کە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەنتیکی یۆنان) کە دەڵێت: (ئازادی بەمانا قوڵەکەی، ئازادییە لەگەڵ کەسانی دیکەدا) خاتوو ئارێندت لەگەڵ هایدیگەردا هاوڕایە لەوەدا کە: (بوون خودی مرۆڤ دەخولقێنێ، واتە بوون مرۆڤ دروست دەکات) بەمانایەکی دیکە بوون پێش بیرکردنەوە دەکەوێت- ك.م- بەلاَم لەکاتێکدا کە هایدیگەر پێیوایە کە کۆمەڵو کۆویستیو دامەزراوەکان (دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵ)

دەبنە هۆی کۆیلەکردنی تاکەکان و ئازادییان لێدەستێنێت. هانناه ئارێندت و وایدەبینێت کە لەکۆبوونەوەی تاکەکاندا/ لەکۆمەڵدایە کە تاك دەتوانێت وەك خۆی (خودێکی خۆڕسك) دەربکەوێت.

کاتێك کە دەخزێینە ناو کۆمەڵەوە، هەقایەتەکانی دەرخستنی خۆمان/ سەلماندنی خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەشدەکەین. دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ خۆناسین و لەخۆگەیشتنمان. تەنها لەگەڵ کەسانی دیکەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت وەك تاکێکی سەربەخۆو جودا دەربکەوێت.

کەواتە مەرج نیە کە ئەم کۆویستیە ببێتە هۆی خۆ بەکەم زانین و وونبونی تاك لەکۆمەڵدا، گەرچی لەڕواڵەتدا دەردەکەوێت.

ئاریندت، هەرگیز واینابینێت کە پەیوەندی مرۆڤەکان پێشبڕکێیەك بێت بۆ بەسەریەکدیدا زاڵبوون. ئەو هەرگیز خۆی ناکات بەهەرزەگۆی ئەو گفتوگۆ گێلانەیەی لەنێوان تاکی نموونەیی: پاکژو کۆی چاوچنۆك/دێزدا هەیە.

ئەوەی هەر کەسێك بیوگرافی/ بن و بنەچەیەکی بێهاوتای خۆی هەبێت، مافی گشت تاکێکە. مرۆڤ ناتوانێت لەتەنهایداو بەتەنها پێشبڕکێ بکات. بەبۆچوونی ئاریندت، ئەوەی تاکگەرایی (ئیندیڤیدوالیێتی) باسی لێوەکات ئەوەیە کە هەرکەس وەك خودی تاکێك لەکۆمەڵدا خۆی نیشانبدات. ئەمەش کاری بەسەر ئەو دیدو بڕوا مۆدێرنەوە (کرێدۆ Gredo)[3] نیە کە مرۆڤ پێویست نیە هیچ کارێك بکات بۆ ئەوەی خۆبسەلمێنێت و زۆرترین چێژ لەژیان وەربگرێت، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە مرۆڤ ئەوە دەرببڕێت کە ئەو (خۆی) کێیە، ئەویش بەووتاروکردار (دان و سەندن Handling).

ئاریندت چەمکی دان وسەندن لەو روانگەیەوە تێدەگات کە ئازادی و (پلوراڵی Plurali=فرەیی)یە. مەبەست لەئازادی ئەوە نیە کە تۆ شتێك لەناو کۆمەڵەشتێکدا هەڵبژێرێت، بەڵکو تواناو ویستی ئەوەت هەبێت کە شتێکی نوێ دەستپێبکەیت. دان و سەندن بکەیت هەروەك ئەوە وایە ئازاد بیت.

لەڕێگەی دان و سەندنەوەیە کە خواست و ویستمان بۆ ئازادی زیاد دەکات و بەدیار دەکەوێت.

کاتێك کارێك ئەنجامدەدەین گەرچی خۆمان حەز دەکەین ئەو کارە بکەین، بەڵام دەبوایە نەمانکردایە، ئەوە نیشانی دەدات کە ئێمە کێین. لەبەر ئەمە نابێت دان و سەندن وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بەئامانج سەیربکرێت بەڵکو خۆی خودی ئامانجەکەیە. ئێمە لەڕێگەی ئاکتوێلەکردنی (تەفعیلکردنی) ئازادی و دان وسەندندا، نەك لەئەنجامیاندایە کە وەك تاك/ تاکێکی سەربەخۆ دەردەکەوین.

دان و سەندنی مرۆڤانەیە کە هاوکۆییەك دێنێتە ئاراوە، دەکرێت لەسایەیدا خاڵە هاوبەش و لێکچووەکانی نێوان مرۆڤەکان بسەلمێنین. لەبەر هەندێ مرۆڤ ناکرێت بەتەنهاو دوور لەمرۆڤەکانی دیکە دان وسەندن بکات. لەسایەی ئەم پلورالیەدایە کە ئێمە لەتوانامانداا هەیە وەك تاکی (بێهاوتاو تەواوکۆ) دەربکەوین و لەبەستن و دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی ئاڵۆزو بێکۆتادا بەشداربین. هەر ئەم پەیوەندیەشە کە پانتاییەك بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەکاتەوەو بەهۆیەوە مرۆڤەکان دەتوانن راستەوخۆ بکەونە پەیوەندی و یەکدی ناسین، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنیان وەك تاکی سەربەخۆ.

گەرچی مرۆڤ مەحکومی ئەوەیە کە خۆی بۆ خۆی بێت–واتە تاك و تەنهایە– بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەتەنها هەر بیر لەخۆت بکەیتەوە. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی (بیر لەخۆت بکەیتەوە)و (بۆ خۆت بیربکەیتەوە) –مەبەست لەوەیە کەسانی دیکە بیرت بۆ نەکەنەوە–ك.م– هەرچەندێ ئێمە خۆویست بین ناتوانین کۆنترۆڵی دەوروبەرەکەمان بکەین و گشت حەزەکانمان بهێنینەدی.

ئازادی ئەوەی کە خۆت بۆ خۆت بیت، مانای ئەوە نیە کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەجەنگ‌و دژایەتیدا بیت.

هەروەك چۆن مانای ئەوەش نیە کە دەستت والأبێت‌و ڕێگەت پێبدات کە هەرچی حەزەکانتە بیهێنیتەدی. ئازادی مانای ئەوە نیە کە کۆنترۆڵی کەسانی دیکە بکەیت وەك چۆن ناتەوێت کە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت. ئەوە ئازادییەکی چالاکانەیە کە تۆ بتوانیت بەحەزەکانی خۆت بڵێیت (بەڵێ)و (نەخێر)، خۆت ببیت بەبڕیاردەری خۆت.

ڕەنگە کۆویستی، ئەم خواستەی تاك بەهێزتر بکات بۆ پەرەدان بەئازادی.

**سەرچاوە:**

بوون EKSISTENS

–کتێبێك دەربارەی ئازادی نیگەرانی‌و مردن

لاپەڕە 50 تا 54

en book om frihet, angst og dod

Side 50-54

–ئەینەر ئۆڤەرێنگەت

خاوەنی بڕوانامەی دکتورایە لەفەلسەفەی هادیگەردا

Einar Overenget

Dr. filosof

–پەخشی کاگگە

شەقامی پەرلەمان ژمارە (30)

161 ئۆسلۆ نەرویج –ساڵی 2003

Kagge Forlag

Stortings gt.30

0161 Oslo. Norge

© 2003 Kagge Forlag As

**پەراوێزەکان:**

Altruisme لەوشەی لاتینی alter واتە کەسانی دیکە (دیگەران)وە هاتووەو دروستبوونی چەمکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕەواقیەکان Stoisisme.

لەفەلسەفەی مۆدێرندا وشە کە واتەی کۆویستی وەرگرتووە، بەتایبەتی لەلای کیرکەگارد. Filosofi Leksikon, Zafari Forlag 1996 .Oslo-Norway

(1)ڕەنگە ئەم بۆچوونە لەو ڕستەیەی سارتەرەوە سەرچاوەی گرتبێت کە دەڵێت (ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە هێندە بخۆیتەوە تا سەرخۆش دەبیت، یان ولأتێك/ میلەتێك ببەیت بەڕێوە) هەر خۆشی بەنەخێر وەڵام دەداتەوە.

لەکتێبی (فەلسەفە)وە لاپەڕە 91–نووسینی ڤێگارد مارتینسن

Filosofi side 91

Vegard Martinsen © 2000 Sslo

www.filosofi.no

Hannah Arendt 1906-1975(2)

یەکێکە لەبەناوبانگترین ژنە فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیاو خاوەنی چەندەها کتێبە، بەناوبانگترینیان (Vita Activa).

فەلسەفەی لەسەردەستی (هۆسرل)و (هایدیگەر)دا خوێندووە. ساڵی 1933 (لەبەرئەوەی جوولەکە بوو) ناچارکرا کە ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت‌و ڕووبکاتە پاریس‌و دواتر نیویۆرك. سەیر لەوەدایە کە ئەم خانمە دەستگیران/ دولبەری هایدیگەر بوو، بەلأم لەبەر بێهەڵوێستی، هایدیگەر تاقە حەرفێکیشی بۆ ناڕەزایی لەهەڵسوکەوتی نازیەکان دژ بەهاناناه و دژ بەهۆسرڵ دەرنەبڕی‌و بەڵکو خۆشی بوو بەنازی. هوسرڵ مامۆستای هایدیگەر بوو.

لەکتێبی

Hannah Arend, Vita Activa

Pax Forlag A/S Oslo, 1996.

Credo(4)

بەمانای باوەڕ، وشەکە لاتینیەو زیاتر لەسەردەستی (تۆماس ئەکوینی) بۆ جیاکردنەوەی مەنیق‌و باوەڕ لەیەکدی بەکاریهێناوە. چونکە ناکرێ مەنیق/عەقلانیەت بۆ لێکدانەوەی بوونی خودا بەکاربهێنن بەڵکو دەبێت تەنها باوەڕ بەبوونی بکەین.

لەکتێبی

Filosofi Leksikon

Zagari forlag, 1996